

# داری منو ..
# داری جەللاد


عومەر سەیدە

omerseyda@yahoo.com


دار .. دار .. دار ..

دار لەگەڵ بوونماندا .. دار

دار لە منداڵیدا .. دار

دار لە هەرزەییدا .. دار

دار لە گەورەییدا .. دار

دار لە سەرەمەرگیشدا هەر .. دار

دارەکان دەڕوان و کەسێک دەیبڕینەوە ..

ئاگر بۆ سووتان دەبووە میوانیان ..

دارەکان وەکو شمشاڵی شوانەکان خۆشەویست بوون ..

مەزن بوون دارەکان

وەکو مەزنیی نەفرینەکانی ئاهورامەزدا

بۆ لەکەدارکردنی ئەهریمەن ..

بێ پەروا بوون دارەکان

وەکو کشانی ئەستێرەی بەیانیان و

خەتاباربوونی شەیتان لە دزینی ناوی

نێو تابلۆی پارێزراوی ئاسمان ..

گەڵا دار جێدەهێڵی و

لق باوەش بە بادا دەکات ..

دار رووت .. رووت بۆ لەبار چوونی بەهار

بە خوڕ دەگری ..

من لە داری دەستی مامۆستا تووڕەکە دەترسام ..

مامۆستا تووڕەکە لە داری دەستی پیاوەکانی سوڵتان و

پیاوەکانی سوڵتان لە داری دەستی یاخییەکان دەترسان ..

دارەکان زۆربوون .. هەنوکە زۆرن ..

دارێک بۆ دار لاستیک دوو پارساریمان دەکوشت‌و

دوو پەنجەرەی ماڵە دراوسێکەمان دەشکاند و

دارێک بۆ دەستی باوکم .. سزای شکاندنی پەنجەرەو

بەردەفڕکێی کۆڵانی دەداین ..

دارێک بۆ تەرمی کچێکی عاشقی سوتاو

دارێک بۆ باڵای کۆرپەیەکی نوێزا ..

دارێک و دارێک‌و دارێک ..

دارێک بۆ کۆڵنجی کوڕە گەورەکەی حاجی بارام

پەتای شۆڕشی گرتبوو ئەو دەمە ..

دارێک بۆ دەمی مەلایەکی درۆزن

فەتوای ناشەهیدی شەهیدەکانی دا ..

دار دەبووە خەون‌و خولیاو

دار دەبووە چەرپایەی شەوی هەنگوینی‌و

دار دەبووە دارەمەیتی لاوە جوانەکانی نیشتمان ..

دار .. دار .. دار

من‌و دارا دوو دارمان دی ..

دوو داری دوور ..

دارێک لای ماڵی دارا بوو

چۆلەکەکانی گەروو پڕ جریوە بوون ..

دارەکەی لای ماڵی ئێمە پڕ لە کوللە بوو

گوڵی حەوشەی ماڵە هەژارەکانی دەخوارد ..

من وەکو کوڕی سوڵتان ناشیرین بووم ..

دارا جوان بوو وەکو حەمەدۆک‌و

وەکو فەرهادو وەکو مەم ناویان دەبرد ..

من‌و دارا یەک دێڕ کۆی دەکردینەوە ..

"دارا دوو داری دی"و

منیش دەمخوێندەوە ..

بەڵام شەوێک دارا لە خەوندا پێی ووتم:

ئەوانە درۆ دەکەن من یەک داریشم نەدیوە ..
من لەگەڵ زەینەب کۆلارە هەڵدەدەم ..
من هەموو رۆژێک دەگریم
چونکە دۆی دادەم رژاندو لێیداوم ..
مەرە زەرد ئەزییەت دەدەم
هێندە بەناو شەقامەکاندا دووی دەکەوم ..
زەردە هەرگیز راو نازانێ ئەوان زۆرم لێدەکەن کە بڵێم:
"زەردە زەردە وا راو" .. زەردە گوناهە ..
زەردە دانی کولە .. من‌و زەردە هەردوو گوناهین ..
لە خەو رابووم هێشتا گوێم لە دەنگی دارا دەبوو دەیوت:
"دارێک نەبوو بە ئەسپەقامیشە شکاندیان ..
دارێک ناوی مەعشوقەکانی لێهەڵکەندرابوو دزییان ..
دارێک سایەی عاشقان بوو بڕیانەوە" ..
دارەکان هەموویان جوانن .. بۆیە هەموو دەم
جەللادەکان دەیانەوێ ناشیرینیان بکەن ..
دارەکانی من‌و دارەکانی جەللاد
سەر بە تیرەی یەک بەهارن ..
لە هەواری یەک کوێستاندا شکۆفە دەکەن‌و
لە تاوستانی یەک گەرمەسێردا رووت دەبنەوەو
بە پاچی یەک داربڕ دەکرێنە کوتەک ..
من سەری ئەو مارانەی پێ دەکوتم
کە لە بۆسەدان بۆ زەرنەقوتە رەنگ زەردەکان‌و
جەللادیش سەری منی پێدەکوتێ
کە دەمەوێ بڵێم: ژیان لێرە تەرازووی عەقڵی جەللادە
ژیان لێرە لەنێو کیسەی پارەی بن باخەڵی جەللادە
ژیان سۆزانیەکی لێو ئاڵە وا لەنێو کۆشی جەللادە
ژیان هەوایەکی سازەو وا لە نێو باخچەی ماڵی جەللادە
ژیان پێکێکی گەرمەو سەری جەللادی مەست .. مەست کردووە ..
ژیان سەماکارێکی چاروەە لە دەستەو

لەسەر مێزی پڕ لە بادەی جەلادەکان سەما دەکات

لەگەڵ جەلاد دەخواتەوەو سەری بۆ حەزە

شەیتانیەکانی شۆڕ دەکات ..

داری من‌و داری جەلاد هەر یەک دارن ..

داری ئەو .. کلکی چەقۆیەو

هەمووومان دەکوژێ ..

داری من لەگەڵ گوریسێکدا

یان دەبێتە جۆلانە بۆ منداڵانی شارەکەم ..

یا دەبێتە سێدارەیەک بۆ ملی خۆم

کە ناشتوانم لە دەستی راکەم ..

کۆتایی ئایاری ٢٠٠٥